# مەترسی نیفاق و جۆرەکانی و سیفاتی ئەهلەکەی

[ بە کوردی ]

خطر النفاق وأنواعه وصفة أهله
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# مەترسی نیفاق و جۆرەکانی و سیفاتی ئەهلەکەی

الحمد لله الذي أتَمّ النعمة، وأولى المنّة،له الحمد في الأولى والآخرة، وهو السميع العليم..

والصلاة والسلام على خير الأنام، وإمام كل إمام نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين..

أما بعد:

لەم سەردەمە ئەهلی نیفاق زۆر بوون و مەترسیان گەورەتر بووە، وەچەنها هۆكار بەكار دێنن بۆ دژایەتی كردنی موسڵمانان، وەلەم بابتەتیشك دەخەینەسەر مەترسی نیفاق و لەگەڵ رونكردنەوەی جۆرەكانی، وەباسی سیفەتی ئەهلەكەی دەكەین و لەگەڵ ئاگاداركردنەوەی موسڵمانان لێیان ...

جۆرەكانی نیفاق: بیروباوەری و كرداری (اعتقادي وعملي ):

ئەوەی خوای گەورەباسی كردوە لەسورەتی ( البقرة والنساء ) دەربارەی سیفاتی مونافیقان هەمووی نیفاقی بیروباوەری گەورەن(النفاق الاعتقادي الأكبر) ، وەبەم شێوەیە لە جولەكەو گاور و بت پەرستەكان بێ باوەڕترن؛ بۆیە خوای گەورە لە رۆژی دوایدا دەیانكاتە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخ.

وەبەنسبەت نیفاقی كرداری بریتیەلەخۆرەوشتی بەوڕەوشتانەی كەئاشكران لەمونافیقەكان، لەگەڵ باوەڕ بوون بەخوای گەورەو پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم و رۆژی دوایی، وەلەسیفەتانەوەكو: درۆ ، خیانەت، تەمبەڵی كردن لەكاتی ئەنجامدانی نوێژدا بەجەماعەت لەمزگەوتدا، وەلەو سیفەتانەی كەلەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەردا هاتوە صلى الله عليه وسلم، كەدەفەرموێت: ( آية المنافق ثلاث إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا اؤتمن خان ) ، وەدەفەرموێت صلى الله عليه وسلم: ( أثقل الصلاة على المنافقين صلاة العشاء وصلاة الفجر ولو يعلمون ما فيهما لأتوهما ولو حبوا ) وەئایەت و فەرمودەی تر زۆرن لەو بارەوە..بۆیەواجبەلەسەر هەموو ئیمانداڕێك كەوا ئاگادار بێت و خۆی بپارێزێت لەو سیفەتانە، بۆ ئەوەی ڕووڕەشی دونیاو قیامەت نەبێت.

سیفاتی ئەهلی نیفاق:

خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی باسی سیفاتی مونافیقانیان بۆ کردوین، وەئێستاش دێینەسەر ڕوونکردنەوەی چەند سیفەتێك لەو سیفەتانە:

یەکەم: سیفەتی درۆ ( صفة الكذب ) :

ئەم سیفەتەزۆر روون و ئاشکرایەلەژیانی مونافیقان، خوای گەورەدەفەرموێت :{ إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ}سورەتی المنافقون:١ .

مونافقەکان ئەهلی درۆن، وەئەگەر موسڵمان درۆ بکات ئەوەسیفەتێك لەسیفەتەکانی ئەهلی نیفاقی تێدایە، بۆیەدەبێت موسڵمان دوور بکەوێتەوەلەو سیفەتە.

دووەم: مونافقەکان تێکدەر و موفسیدن لەسەر زەویدا ( أنهم مفسدون في الأرض ):

گومانیان وایەلەسەر چاکەن، بەڵام نازانن کەئەوان تیکدەر و ئەهلی فەسادن لەسەر زەوی، خوای گەورەدەفەرموێت: {وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ (11) أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ}سورەتی البقرة:١١-١٢ .

سییەم: بۆچونیان وایەئەوەی دەست بەئاینەوەبگرێت گومڕایە( يرون التزام الشرع من السفه ):

گومڕا لای ئەهلی نیفاق، ئەو کەسانەن کەدەس بەئاین و شوێنکەوتووی پێغەمبەرن ، خوای گەورەدەفەرموێت:{ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُونَ}سورەتی البقرة:١٣ .

چوارەم: گومان دروست کردن دەربارەی هەموو شتێك کەپەیوەندی بەئیسلامەوەهەیە:

وەکو بانگەواز و جیهاد و هەموو خێر و چاکەیەك، خوای گەورەدەفەرموێت: {وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُوراً } ( سورەتی الأحزاب:12)، ئەمەقسەی مونافیقەکان بوو لەغەزوەی ئەحزاب.وەلەشوێنێکی تر دەڵێین بەموسڵمانان:{ إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ غَرَّ هَؤُلَاءِ دِينُهُمْ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ }( سورەتی الأنفال:49) ، وەئیماندار دەزانێت کەلەپاش ناخۆشی خۆشی دێت و ، وەسەرکەوتن لەگەڵ خۆڕاگری دایە.بەڵام مونافیق لەسێبەرەکەی خۆی دەترسێت، خوای گەورەدەربارەیان دەفەرموێت: { يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ } ( سورەتی المنافقون:4) .

پێنجەم : سیقەیان بەخوای گەورەو بڕوایان بەبەڵێنەکاني نیە:

باشترین بەڵگەلەسەر ئەم خاڵەئەوەیەکەلەغەزوەی ئەحزابدا رویدا لەلایەن مونافیقەکانەوەکەگومانی خراپیان بەخوای گەورەدەبرد، بەڵام ئەهلی ئیمان دەیان ووت: { هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ }( سورەتی الأحزاب: من الآیة22)، وەئەم هەڵوێستانەچەن جاردوبارەدەبوەوەلەمونافیقەکان، هەر چۆن لەغەزوەی تەبوکیش رویدا ، کەکاتێك عوزریان دەهێنایەوەبۆ ئەوەی بەشداری نەکەن لەو غەزایەوەکو عوزری گەرما و ترس لەفیتنەی ئافرەتانی بەنی ئەلئەسفەر ، خوای گەورەهەواڵی یەکێك لەوانی پێداوین و دەفەرموێت: { وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلا تَفْتِنِّي أَلا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ } ( سورەتی التوبة:49) .

شەشەم: ڕوپامایی ( الرياء ):

مونافیقەکان مەگەر ناچار بن پەرستش بکەن ، وەلەکاتی ئەنجامدانیدا بە نادڵیەوەدەیکەن، بۆ نمونەلەکاتێك هەڵدەستن بۆ جێبەجێ کردنی نوێژ ئەوەبەتەمبەڵیەوەدەیکەن، چونکەبەنەکردنی ئابوریان دەچێت و ئاشکرا دەبن لەلایەن موسڵمانانەوە، خوای گەورەدەفەرموێت: { إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاؤُونَ النَّاسَ وَلا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلاً } ( سورەتی النساء:142) .

وەلەنیشانەکانیان دوا کەوتنیان لەنوێژی جەماعەت لەمزگەوتدا.

حەوتەم: کارکردن بۆ لەت لەت کردنی ریزی موسڵمانان:

مونافیقەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستەگڵاوەیان ئەم ئسلوبانەبەکار دێنن:

(أ) دژایەتی کردنی خەڵك لەرزق و رۆزیان: خوای گەورەدەفەرموێت:{هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا }( سورەتی المنافقون: من الآیة7) .

چەکی پارەیان بەکار هێنا بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان و ڕێگرتن لەبانگەوازی ڕاستی، وەئەو نەفامانەلەبیریان چوو کەهەرچی گەنجینەکانی ئاسمانەکان و زەویی هەیەهەمووی هی خوای گەورەیە، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَفْقَهُونَ }( سورەتی المنافقون: من الآیة7.

(ب) بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە: بۆ نمونەلەروداوی ئیفك( حادثة الافك) کەسەری مونافیقەکان عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول، ویستی شەرەفی پێغەمبەر لەکەدار بکات و گومان بخاتەبەرنامەکەی، خوای گەورەئەم ئایەتەی دابەزان: {إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْأِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ }( سورەتی النور: من الآیة11) .

(ت) بانگەواز کردن لەنێو خەڵکیدا بەبانگەوازی نەفامی: مونافیقەکان هەردەم بانگێشەبۆ دەمارگیری نەتەوایەتی دەکەن کەئیسلام هاتوەبۆ دژایەتی کردنی.

هەشتەم: گاڵتەکردن بەئەحکامی شەریعەت (السخرية والاستهزاء بأحكام الشريعة ) :

بۆ نمونەئەوەی رویدا لەغەزوەی تەبوك ، کەدەستیان کردەگاڵتەکردن بەو کەسانەی کەدەرەچون بۆ جیهاد، وەگاڵتەیان دەکرد بەو روبەروبونەوەی کە موسڵمانان بەرامبەر رومەکان بوون، خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: { قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ }( سورەتی التوبة: من الآية65).

نویەم: شارەزا نەبوون لەئایین ( عدم التفقه في الدين) :

مونافیقەکان پشت هەڵدەکەن لەئاینی خوا و شەرعەکەی، وەفێر نابن و کاری پێ ناکەن، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَفْقَهُونَ }( سورەتی المنافقون: من الآية7) .

خوێنەری بەڕێزم: ئەمە چەند سیفاتێکی ئەهلی نیفاق بوو، دیارە سیفاتی تریان زۆر زۆرە، ئەوەندەی لە تواناماندا بووە باسمان کرد بۆ ئێوەی خۆشەویست...

لە کۆتاییدا پێم خۆشە بە بیری خۆم و هەمو موسڵمانان بێنمەوە کە مەترسی نیفاق و ئەهلەکەی زۆر ترسناکە لەسەر هەموو تاك و کۆمەڵ و ئوممەتی ئیسلامی، بۆیە دەبێت ئێمە وەکو تاك خۆمانی لێ بپارێزێن... وە وەکو کومەڵگەی ئیسلامیش خۆیانی لێ بپارێزن، لەبەر ئەوەی ئەهلی نیفاق وەکو فەیرۆس وان ئیشیان لە ناوخۆیە بەبەردەوامی... زۆر ممکنە مرۆڤی موسڵمان سیفاتی ئەهلی نیفاقی تێدا بێت بە خۆی نەزانێت...هەروەها زۆر ممکنە ئەهلی نیفاق لە نێو لایەنە ئیسلامیەکاندا کاری خۆیان بکەن... وە زۆر ممکنە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کاری خۆیان بکەن... بۆیە چەنێك ئاگاداری سیفاتەکانیان بین و خۆمانیان لێ بپارێزین هێشتا کەمە...

داواکارم لەخوای گەورە هەموو موسڵمانێك بپارێزێت لەو سیفاتانەو دورمان کاتەوە لەڕێگەی گومڕایی و کوفر و زەندەقە.

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوە:

* کتێبی ( من صفات أهل النفاق للعلم والحذر ) بەپێنوسی: موحەمەد سرار ئەلیامی.

* ماڵپەڕی ئیبنو باز ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ
www.binbaz.org.sa/display.asp?f=toh00018